لێ ساێیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا دادگای فیدراڵی بەها مرۆییەکانی گەلی کورد بەرز دەنرخێنێت

ئەمڕۆ یەکشەممە، دادگای باڵای فیدراڵی جێختی لەسەر پێویستی وەبیرهێنانەوەی ئەو بەها بەرزە مرۆیی و نیشتمانپەروەرانە کردەوە کە کورد خاوەنییەتی.

دادگاکە لە ڕاگەیەندراوێکدا باوێکردەوە:بەبۆنەی ساێیادی کیمیاباران لە دژی گەلی کوردی سەربەرزمان لە پارێزگای هەڵەبجە، کە لەلایەن ژمێی ستەمکاری بەعسییەوە ئەنجامدرا و ژمارەیەکی زۆر لە ژن و پیاو و بەساڵاچووان و گەنجان و منداڵان شەهیدکران و لەسەر ڕێگای ئازادی گیانیان لەدەستدا ، چونکە نادادپەروەری و کێلبووونی بەعسیان ڕەتکردەوە ، لە یادی ئەم ڕووداوە و کارەساتە پڕ لە ئازار،دەبێت بەها بەرزە ئینسانی و نیشتمانپەروەرییەکان وەبیر بهێنینەوە و ئازایەتییەکی گەورە کە براکوردەکانمان بە درێژایی خەباتی پڕشوویان دژ بە ژمێی بەعسی خاوەنی بوونە.

وەک دادگای فیدراڵی لە ڕاگەیەندراوەکەی ئاماژەی پێداوە : لەم بارودۆخەدا پێویستە ئازارەکانی سەرکوتکردنی تایفەیی لەلایەن حکومەتی ستەمکارەوە بەبیر بهێنینەوە و خوێنی شەهیدانی عێراق هەر لە شیعە و سوننە و عەرەب و کورد و تورکمان و هەموو پێکهاتەکان لەبیر نەکەین و ئەو تاریکی وەرانکردنەی شارە پیرۆزەکان و باشوور لە ڕاپەڕینی گەل و گۆڕە بەکۆمەڵەکان و ئەهوار و دوجێل و کەمپەکوژییەکانی هەڵەبجە و بارزان و ئەنفال و کوردە فەیلییەکان و تراژیدیاکانی تورکمانەکان لە

بەشیر و ئازارەکانی خەڵکی ناوچەی هەژاواو وەک باقی ناوچەکانی دیکەی عێراق لە تەسفیەکردنی سەرکردە و سەرەک و شێخەکان تەواوی شەهیدانی لەسەر هێگای ئازادی لە عێراق لەبیر ناکەینەوە،کە تەنها داواکاریان هەڵتکردنەوەی نادادپەروەریەو کارکردن بوو بە گەل و نیشتمان و بەرگری لە ستەملێکراو و هەژاران.